# گومانە خۆڵەمێشییەکان

(لە پاڵ سەرنجەکانی کاک سەردار عەزیزدا)

## وەلید عومەر



وەلید عومەر



سەردار عەزیز

٢١ی تشرینی دووەم، ٢٠٢١   وتار؛ هزر

چەند ڕۆژی ڕابردوو، کۆمێنتێکی بچوکم بۆ کاک "سەردار عەزیز" نووسی لەمەڕ پەیوەندیی کۆمەڵگای ئێمە و کۆچ، کاک سەرداریش کۆمێنتەکەی بە هەند وەرگرت و ڕستە بە ڕستە سەرنجی خۆی خستە ڕوو. ئەوەی من لەم

نووسینە خێرایەدا دەیخەمە ڕوو، وەرگرتنی نووسینەکەی کاک سەردار[1]ە بۆ وتنی کۆمەڵێک شتی تر. کۆمەڵێک گومان کە بە هیچ بارێکدا بۆ من یەکلا نین، بەڵام ڕەنگە ئاسۆ بۆ باسوخواسی تر بکاتەوە لە داهاتوودا. لەم دوو تەوەرەدا، تەنیا تەوەری یەکەم بۆ نووسینەکەی کاک سەردار تەرخانە، بۆیەشە دیسان لەناو وێنەیەکی "گشتی"تردا کۆی شتەکان وەردەگرم. بۆیەشە ناوی نانێم "وەڵام"، پێم وایە ئێمە لە ژێرخانی ڕۆشنبیری و کولتووریدا تێکڕا لە سەرەتای دروستکردنی پرسیارداین نەک وەڵام. هێشتا پرسیاری تێروپڕمان نییە، بۆیە وەڵامەکان هەرچی بن زوو بیر دەچنەوە و ڕاگوزەر دەردەکەون. ئەمە جگە لەوەی مەعریفە دیاردەیەکی خۆراواییە، لە یۆنانەوە بۆ مۆدێرن، و پرسیارەکانی ئێمەش دەرهاویشتەی ئەو شارستانییەتەیە. وەڵامێک نییە لە خۆمانەوە دەرچووبێت. هەتا کە وەڵام بۆ شتێکیش دەدۆزینەوە بەرەنجامی هاتنی دیاردە خۆراواییەکانە: بۆ نموونە، گەر بڵێین ئابووریی نیولیبراڵ هاتووە، یان پۆستمۆدێرن بووەتە ستایلی ژیانی خەڵکانێک، یاخود کۆچ هۆکاری مۆدێرنی لەپشتەوەیە، تێکڕا فشاری جێیەکی ترن بۆ سەر ئێمە. پرسیارە گەورەکانی ئێمە لە ئاستی گشت(whole)دا ڕوون نین، چ بگاتە وەڵام. گەر لە مەعریفەی یۆنانییدا پرسیاری ماهیەت(چیەتی-essence) تا مۆدێرن باو بووبێت و پرسیار کرابێت ئەمە چییە و ئەوە چییە و، لە مۆدێرنەشدا(بەتایبەت لە کایەی دەروونشیکاریدا) پرسیار کرابێت فڵان چیی دەوێت و ئەوی تر چیی دەوێت، ئەوا هیچکام لەم دوو پرسیارە لای

---

[1] نووسینەکەی سەردار عەزیز بە ناونیشانی "بۆ وەلید عومەر: ئایا تەنها فەلسەفە وەڵامی پرسی کۆچ دەداتەوە؟" لە ماڵپەڕی ژنەفتن بڵاو کراوەتەوە. https://jineftin.krd/2021/11/17/%d

ئێمه یەکلا نەکراونەتەوە: بەپێی یەکەمیان کورد چییە؟ بەپێی دووەمیشیان، کورد چیی دەوێت؟ دیارە بە هەموو ناکۆکی و بەشە جیاوازەکانی ناو کوردبوونەوە، پێم وایە کورد وەک گشتێک هەر دەمێنێتەوە. گومانەکەم لەوەش ڕیشەییترە، ئەسڵەن ئەو دوو پرسیارە یۆنانییە-مۆدێرنە تا چەند بە ئێمە دەخوات؟

### گومانی یەکەم:"گشت" بۆ؟

لەو سەرنجەمدا بۆ کاک سەردار، داکۆکیم لە چەمکی "گشت" کردبوو، ئەویش وەک چەمکێکی سەرەکیی ناو فەلسەفە. لەوێدا ویستوومە بڵێم هەر دیاردەیەک لە هۆکارێک زیاتری لەپشتەوەیە، هەر هۆکارێک بەشێکی سرووشتی دیاردەکە پێکدێنێت، هەموو هۆکارەکانیش پێکەوە خزمەت بە "گشت"ێک دەکەن. واتە هەر دیاردەیەک گەر لە هۆیەکی وەک ئابووریشدا بتەقێتەوە، ئەوا بەرەنجامی فشاری هێشوویەک هۆکاری تریشە کە لە بنەوە ئیش دەکەن. ئەم هۆکارانەش پێکەوە وێنەی گشتیی دۆخەکە دروست دەکەن. هۆکارەکان هەموو کات بەیەکەوە خۆیان نانوێنن، بەڵکوو زۆرینەی جارەکان لە ڕێی یەک هۆکارەوە گوژمی خۆیان دەنێرنە دەرەوە بۆ واقیع و دەبنە ڕووداوێک.بەڵام بەدحاڵیبوونێک بە هۆی ڕووبەری بچوکی کۆمێتەکەوە ڕوویداوە کە کاک سەردار "گشت"ی بە هێزێکی نادیار وەرگرتووە کە گوایە من ویستوومە بڵێم ئەو "گشت"ە بریتییە لە سەرمایەداری. ئەو "گشت"ەی من مەبەستم بوو، گشتێکی چەمکایەتییە، گشتێکی فەلسەفی، چونکە فەلسەفە خۆی کایەیەکی گشتەکی و گشتگەرایە. میتافیزیک(ئۆنتۆلۆژیا) تا ئێستاش ئەو ڕووەی فەلسەفەیە کە بۆ ژێرخانی گشتیی دیاردەیەک دەگەڕێت و مافی هۆکارە بەشەکییەکان دەدات، بەڵام ملکەچی پرەنسیپێک یان بنەمایەکی تیۆریشیان

دەکات. فەلسەفە هێند ڕیشەیی دەڕوات، کە چەمکی هۆکار و هۆکاریێتی(causality) خۆیشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەپرسێت: ئاخۆ بە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام، دەتوانین لە کۆی جیهان یان دیاردەیەک تێبگەین؟ میتافیزیک لە فەلسەفەدا، پەیوەندیی بە غەیب و دینەوە نییە، بەڵکوو بۆ نادیاریێکی تیۆری و چەمکایەتی دەگەڕێت کە دەکەوێتە ئەودیوی هۆکارە فیزیکی و بینراوەکانەوە. مەرج نییە هەر چەمکێک نەبینرێت ئیدی بوونی نەبێت، بەڵکوو چەمک خۆی بە زات نەبینراوە، گشتەکییە، ئەبستراکت و کۆکەرەوەیە. لە فەلسەفەدا بەگشتی کاتێک بۆ گشت و کۆی دۆخێک و دیاردەیەک دەگەڕێین، ئەوا خەریکین جۆرێک لە کاری میتافیزیکی ئەنجام دەدەین، واتە لە بوون و ئۆنتۆلۆژیای دیاردەکەوە تا ناسین و هۆکارەکانی و ڕوودانەکەی پێکەوە دەبەستینەوە. لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە کۆمەڵناسی، زۆر جار ئەم "گشت"ـە دادەبەزێت بۆ ئاستێکی خوارووتر کە هەر خوێندنەوەیەکی گشتییە بەڵام ئۆنتۆلۆژیای لەگەڵ نییە، بوونی دیاردەکە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری لێکدابڕاو و بەشەکی کورت دەکاتەوە. بۆ کورد و کێشەکانی، ڕەنگە نەتوانین بەبێ "گشت"ێکی فەلسەفی مافی شتەکە بدەین، چونکە هەر دیاردەیەک پەیوەندییەکیشی بە "بوونی کورد"ـەوە هەیە. لە خۆراوا بیریاران زۆرێکیان باسی "بوونی کۆمەڵایەتی" دەکەن و بوون بۆ ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەکان دادەبەزێنن چونکە کۆمەڵگا بە مانا ئۆنتۆلۆژییەکەی لە مۆدێرنەدا بۆ ئەوان هاتەدی. بۆ نموونە مارکس و لۆکاچ، بەجۆرێک باسی کۆمەڵگا دەکەن وەکبڵێی دیاردەیەکی مۆدێرنە و کۆمەڵێک پەیوەندیی تاقانە و نوێی تیا درووست بووە کە "بەش" و "گشت"ـەکانی یەکتر بەرهەم دێننەوە. مارکس و لۆکاچ هەردووک لەوەدا یەک دەگرنەوە کە هیگڵین و هەژماری جدی لەسەر کۆمەڵگا دەکەن

وەک "گشت"ێک. بەڵام من گومانم هەیە لەوەی ئێمە ئاخۆ سەرباری دیدی گشتبینانەمان بۆ خۆمان، **چەندە «کۆمەڵگا»ین؟** بۆیە نەک هەر وەرگرتنی بەشێک، بەڵکوو وەرگرتنی "گشت"یش هێشتا پێویستی بە ڕامانی زیاترە.

دیارە گشت(کل-whole) و بەش(جزء-part-)، هەر لە سەرەتای فەلسەفەوە پرسێکی بنەڕەتی بووە. ئایدیا خۆی هەمیشە سرووشتێکی گشتەکی(کلی-universal)ی هەبووە. ئەفلاتوون کاتێک دەڵێت مرۆڤ، ئەوا باسی گشت-ێک دەکات، "گشت"ێک کە بەشەکانی دابەش دەبن بەسەر زۆر جۆری مرۆڤدا: مرۆڤی نێر، مێ، ڕەشپێست، سپی پێست، شەل، کوێر، ساغ، شێت، تووڕە و هتد. کاتێک دەڵێت کەڵەشێر، ئەوا ئەم ناوە گشتییە، بەسەر بێشومار بەش(کەڵەشێر)دا دابەش دەبێت کە کەڵەشێری سوور و ڕەش و هاراتی و بچوک و گەورە و هتد دەگرێتەوە. واتە ماهیەتی هەر بەشێک لەناو خۆیدا نییە، بەڵکوو دەچێتەوە سەر ئایدیا گشتەکییەکەی ئەو بەشە. کۆمەڵگاش دیسان ناوێکی گشتییە بۆ زۆر جۆر و قۆناغ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. هەر کۆمەڵگایەک "گشت"ێکە بۆ کۆمەڵێک بەش، جا ئەم بەشانە لە ڕووی میتۆدییەوە بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جیاجیا یان هۆکاری جیاجیا یاخود قۆناغی جیاجیادا دابەش دەبن. کۆمەڵگا، ئەو ناوە گشتییەیە کە لەکۆدا مانای تەواوەتیی خۆی وەردەگرێت. دواسنووری کۆمەڵگا، هەر کۆمەڵگا خۆیەتی. لە چەند دەیەیەی ڕابردوو، ئێمە دوو پێناسەی بەڕواڵەت لێکچوومان هەیە کە لە ناوەڕۆکدا تەواو دژی یەکترن: لەلایەک نیولیبراڵەکانی وەک تاچەر دەیانوت "کۆمەڵگا بوونی نییە"، ئەوەی هەیە تاکەتاکەی خەڵکە. تاچەر کە ژنەسیاسییەکی بەریتانی بوو، دەیویست نکۆڵی لە کۆمەڵگا بکات وەک "گشت"ێک، و تەنیا کۆمەڵێک بەش و پارچەی پەرت وەرگرێت بەناوی تاک. نیەتی تاچەر ئەوە بوو لەڕێی ئەم پێناسەیەوە، بەرپرسیارێتی بخاتە سەر

تاکەکان و دەوڵەت لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی گشتی هەڵبێت و سەرەنجامیش لینکی کۆمەڵایەتی سست بکات. ***ئێرنێستۆ لاکلاو***یش لەژێر کاریگەریی ***ژاک لاکان***دا بە هەمان دەربڕین دەڵێت «کۆمەڵگا بوونی نییە»، بەڵام بە مانایەکی جیاوازتر: لاکلاو دەیەوێت بڵێت "گشت" بریتییە لە کۆمەڵێک بەشی ناکۆک و ناهاوسەنگ. واتە کۆمەڵگا ئەو گشتە نایەکانگیرەیە کە لە دەوری ناهاوسەنگییەک دروست بووە. دایم کۆمەڵێک هێزی جیاجیا شەڕ لەسەر هەژموون دەکەن و کەسیش ناتوانێت کۆیەتی و گشتێتیی کۆمەڵگا بەدەستبێنێت. تەعبیری "بوونی نییە"، تەعبیرێکە وشەی "بوون"ی تیایە و ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگا لە ڕووی ئۆنتۆلۆژی(بوونناسییانە)یەوە. بۆیە بەپێچەوانەی دیدە میکانیکی و ئابووری و حیسابییەکەی تاچەرەوە، لاکلاو ماهیەتی کۆمەڵگا پێناسە دەکات کە کۆمەڵگا بە ماهیەتی خۆی نایەکانگیرە و لە دەوری "مەحاڵ-ڕیاڵ"ێک دروست دەبێت. گرنگ نییە تۆ لە کام شوێنی دونیادایت، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵگای مۆدێرن لە ڕیزێک دژایەتی و ئەنتاگۆنیزمی ناوەکی پێکهاتووە کە قەت ناگاتە ساتی ئارامی. **گشت** بوونی هەیە، بەڵام بەشەکانی لەسەر چێژ(ژویسانس)ی خۆیان دەجەنگن. ئەمە بیرخەرەوەی هاوکێشە فەلسەفییەکانی تریشە سەبارەت بە پەیوەندیی "گشت" و "بەش": لای هیگڵ، "گشت" کۆکەرەوەیەکی پاسیڤی بەشەکان نییە، دەفرێک نییە کۆمەڵێک بەش و پارچەی خۆی هەروا بەئارامی کۆ بکاتەوە، بەڵکوو جێیەکی نائارامە بۆ ململانێ و دیالەکتیک."گشت"ـەکەی هیگڵ، بەجۆرێک لە جۆرەکان، ناوی "گشتی کۆنکرێتی"یە، و بە هۆی نێگەتیڤیتەیەکی ناوەکییەوە هەمیشە کەمێک بەر لەوەی ببێتە **گشت**، شکست دێنێت. گشت هەیە، بەڵام چوارچێوەدار و داخراو و پێشوەخت دروستکراو نییە. فەلسەفەی هیگڵ خۆی گشتێکە هەریەکە لە لۆژیک و سرووشت و ڕۆح لە کۆمەڵێک کاتیگۆری و

پەیوەندیی پڕجووڵەدا کۆ دەکاتەوە کە هیچ کاتیگۆرییەکی ئارامیی پێویستی نییە. هەتا لای هیگڵ، گشت، هێند لەناوەوە نائارام و بەجووڵەیە کە وەک پرۆسەیەک وایە بەبێ ئەوەی سنووری بەشەکانی بەتەواوی بتوێنەوە. بۆیەشە جەوهەری هیگڵی، هاوکات جەوهەرێکی مۆدێرنە، جەوهەرێکە پێشوەخت و داخراو نییە بەڵکوو لەکۆدا ڕۆڵی بکەر و سوبێکت دەگێرێت-گشتێکە خۆی بکەری ڕیترۆئەکتیڤانەی خۆیەتی. لای مارکسیش، کۆمەڵگای بۆرژوازی لە "گشت"ێک پێکدێت کە دوو بەشی ناکۆکی وەک پرۆلیتاریا و بۆرژوا بەناچاری کۆ دەکاتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەم دوو بەشە لێکدەترازێن و پرۆلیتاریا وەک زیادە(surplus)ی ئەم گشتە، سەری گشتەکە دەخوات. هەر ئەم "بەش"ە بێبەشەشە کە لای ***ژاک ڕانسێر*** گشت کۆمەڵگا سیاسی دەکاتەوە و ناهێڵێت پرسی هەژموون ئۆقرەبگرێت. قسەکردن لەسەر گشت و بەش زۆر ئاڵۆزە و زۆریشی دەوێت(دەکرێت گەڕانەوە هەبێت بۆ بەشی دیالەکتیکی گشت و بەش لە کتێبی: فیکر و سەرکێشییەکانی). بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژەیەک بۆ نۆمینالیزم(nominalism) بکەین کە دیدێکی ڕیشەیی و بنجبڕە بۆ پرسی گشت و بەش. نۆمینالیزم واتە ناوگەرایی، چەند سەدەیەکە لە باسوخواسی فەلسەفیدا ئامادەیی هەیە و لایەنگری خۆیشی هەیە. نۆمینالیستەکان، نکۆڵی لە بوونی چەمکە گشتییەکان دەکەن. ئەوان تەنیا دان بە شتە کۆنکرێتی و بەرچاوەکاندا دەنێن. بۆ نموونە، "سەوزی" تەنیا ناوێکی وەهمییە و، ئەوەی هەیە بریتییە لە شتانی سەوز وەک: کراسی سەوز، بینای سەوز، چاوی سەوز و هتد. لە دونیای ئیسلامدا زۆر جار ئیبن تەیمییە بە نۆمینالیست ناودەبرێت چونکە بە لای نەقڵدا دەشکێتەوە تا عەقڵ و گشتە پەتییە عەقڵییەکانی. نۆمینالیزم، گەرچی باسێکی تیۆلۆژی و میتافیزیکییە، بەڵام دەکرێت خەڵکە ئاساییەکەش بە فۆرمی سادەی خۆیان قبوڵی بکەن یان

ڕەتیکەنەوە چونکە سەرەنجام خاوەنی زەینێکن. ئەو زەینەی کە کۆمەڵێک شتی پێ کۆ نابێتەوە و بڕوا بە گشتێک ناهێنێت، دەشێت نۆمینالیست بێت. ڕەنگە سوودی گشتبینی ئەوە بێت کە مافی کۆمەڵێک بەش دەدەیت، بەڵام بەشبینی بریتی بێت لە چەپاندنی بەشەکانی تر لە یەک کاتدا. ئەو "گشت"ەی من مەبەستمە، دەفرێک نییە بۆ کۆمەڵێک هۆی تەواو پۆزەتیڤ و ڕوون، بەڵکوو هۆیەکی نێگەتیڤە، کە هۆکارە بەردەستەکان هەموو نەفی دەکات بەڵام هەڵیشیاندەگرێتەوە. کەلێنێکە لەنێوان هەموو هۆکارەکاندا: گشت بریتییە لەو کەلێنە.

لەم ڕووەوە، سەبارەت بە گشت و بەش، کاک سەردار دەنووسێت: «...قسەکردن لەسەر کورد بەگشتی، وەک دەربڕین جۆرێکە لە گشتاندنی نازانستی. ئەمە پێی دەڵێن کرۆکگەرایی، ئیسێنشالیست. دیارە کۆمەڵێک خەسڵەت هەیە کە کورد بەگشتی دەگرێتەوە وەک بە کەمینەکردن، نائارامی، نکوڵی، بێدەوڵەتی، بەڵام ئەم خەسڵەتانە وەکیەک لەسەر هەموو کوردێک کاریگەری نییە و هەموو کوردێکیش وەکیەک وەریناگرێت». لێرەدا دوو سەرنج دروست دەبن:

١) ئێمە دەتوانین کورد وەک "گشت"ێک وەربگرین و تووشی جەوهەرگەرایی(essentialism)یش نەیەین. کورد جەوهەرێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو بە لای منەوە شوناسێکە هێشتا ڕوون نییە چۆنچۆنی لە دونیای ئێستادا نیشتەجێیە. ئابووری و پاشهاتەکانی، زۆر کار لە شوناس ناکەن و بازاڕی جیهانی، ستایلی خۆی دەباتە ناو هۆزە جێماو و سەرەتاییەکانیش.هەر ئەم بازاڕسازییەی کوردستان، بە یەک تۆز کیڕاندن، دەچێتەوە سەر ئەو جەوهەرە شلۆک و نەمەییوەی کە نازانین ناوی بنێین چی. لە دونیابینی و ئەخلاق و ڕۆشنبیری و مافی تاک و دەیان خاڵی تریشدا دەتوانین مرۆیەکی

کورد ببینین کە لەودیوی چین و دابەشکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا لە شوناسێکی گشتەکی(کلی)دا هاوبەشن و پرسەکەش جەوهەرگەرایی و کرۆکگەرایی نییە. جەوهەر هەمیشە هەیە و، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاریش هەڵبەزودابەزی خۆی هەیە، بەڵام سنوورەکانی خۆی تێناپەڕێنێت. دیتنی ئەم جەوهەرە و خوێندنەوەی، هێندەی ئیشی فەلسەفەیە، ئیشی زانست و زانستە مرۆڤایەتییەکان نییە(کارێکی گرنگ لەو ساڵانەدا دیبێتم کتێبەکەی مامۆستایەکی کوردزمانە بەناوی "زەکەریا قادری" کە مەودایەک لە میتۆدە زانستی و مرۆییەکان وەردەگرێت و کورد وەک گشتێکی ئۆنتۆلۆژی دەخوێنێتەوە). من خۆم لەو دیاردە تازانەی کە هاتوون، لە ئەنتەرنێتەوە بۆ کافێ و مۆڵەکان، پتر ماهیەتێکی ڕەشوڕووتی کوردانە دەبینم تا هونەری کیچ کە بەرهەمی گەشەی خۆرئاوایە و بەراورد بە هونەرێکی باڵاتر، بە نزم دانراوە. ماهیەت لێرەدا لە بۆشاییەک دەچێت تا کرۆکێکی پڕ و نەگۆڕ. ڕەفتاری توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی لە بازاڕدا، وەک ڕاستیی ڕاگوزەر هەن، بەڵام لەقووڵاییدا ڕووپۆشێکن بەسەر ماهیەت و جەوهەرێکی ڕووتەڵەترەوە کە کوردبوونە. لە جێی تردا من چەمکی "ئەوی تری گەورە"م بەکار هێناوە کە چۆن لەودیوی هەموو جوگرافیاکانیشەوە فەرمانڕەوایی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و زەینیی کوردێک دەکات و لە "گشت"ی کوردبووندا دەیکاتە هاوبەش. بێگومان بڕی کاریگەرییەکە بەم گشتە و بڕی نیشتەجێبوون و بەشدارییەکەش جیاوازە، بەڵام ئەم گشتە کۆتاسنووری مانا و بەها و بوونی نیشتەجێکانی ناوێتی. ئەم گشتە، جوگرافییانە نییە بەڵکوو مێژوویی و ڕەمزی و کولتوورییشە. ئەو کولتوورە بازاڕییەی لە خۆراواوە دێتە ناو کافێ و هۆتێلێکی کوردییەوە، دەچێتە سەر ڕەهەندە کوردییە لۆکاڵەکە. لەنێوان لۆکاڵ

و گلۆباڵدا، سنووریکی تراوماییی و شۆکهێن هەیە و لە شوێنی تردا ڕەنگ دەداتەوە.

٢) کاتێک "گشت"ی فەلسەفی وەردەگرین بۆ خوێندنەوەی دیاردەیەک، ئەوا هێشتا هۆکارەکە یەکسان نییە بە باگراوەندەکە. باگراوەند لێرەدا مەبەستم ئەو "گشت"ـەیە کە هۆکارە جیاجیاکان دەدوورێت بەیەکترەوە. بۆ نموونە، هۆی ئابووری گەر لە ئارادا بێت ئەوا تێهەڵکێشی کولتووری کوردی و دونیای کوردی دەبێت و مانایەکی کوردییانەی لێ بەرهەم دێت. ئەمەش پرسی سنوور لەنێوان "گشت"ـە جیاجیاکانی جیهاندا دەردەخات کە "گشت"ی کوردی جیایە لە "گشت"ێکی ناکوردی. خاڵی هاوبەش و یەکتربڕین هەن، بەڵام بەتەواوی نابنەیەکێک. نموونەیەکی سادە: گەنجێکی کورد لە پۆبجییدا بۆ شتێکی تر دەگەڕێت وەک لە گەنجێکی ئەورووپی.

یەک پەرەگرافی تری کاک سەردار لەم ڕووەوە وەردەگرم:

«ئەگەر بمانەوێت فەلسەفییانە لە کۆچ بدوێین ئەوا ناتوانین باس لە کەیسی کورد بکەین. چونکە فەلسەفە یان ڕاستی دیاردەکە دەردەخات یان میتۆدێکمان دەداتێ بۆ تێگەیشتن لێی. بەڵام قسەکردن لە کەیسی کوردی ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە سیاسەت یان کۆمەڵناسی یان ئابووری. دیارە دۆخێکی ئاڵۆزی میتۆدۆلۆجی لە دونیادا بوونی هەیە. بۆ نموونە کەیسی ئەڵمانیا لایڤیبەر دەکرێت ببێت بە بنەمای چەمک بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام کەیسی کوردستان یان پاکستان تەنها کەیسی ئەو جێگایانەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ناتوانین لە پرسی کورد فەلسەفییانە بدوێین». لێرەشدا دوو سەرنجی تر دروست دەبێت:

١) دیدی کاک سەردار لەم پەرەگرافەدا، دیدێکی پۆزەتیڤیستییە بۆ فەلسەفە. واتە دیدێکە لەسەر داتا و فاکت و ئەزموون و ڕاستیی بەشەکیی دیاردەکان

بەندە. بەڵام وەک وتمان، فەلسەفە بەو مانایەی من مەبەستمە خاڵی نییە لە ئۆنتۆلۆژیا و بوونناسی. ڕاستی و حەقیقەت لای من لە فاکت و ڕاستییەکی بەشەکیدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو فاکت ساتێکی هەژارە لە کۆیەکی دەوڵەمەندتر. فەلسەفە هەروا سادە وەکوو زانستە کۆمەڵایەتییەکان نایەت میتۆدێکمان بداتێ بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەک، بەڵکوو هەر لەناو مێژووی فەلسەفەدا دژایەتییەکی زۆر هەیە بۆ دەسکەوتنی ڕاستی لە ڕێی میتۆدەوە. هایدگەر و گادامێر لەو ناوانەن کە دژی دیکارت و بەجۆرێکیش کانت دەوەستنەوە کە چۆن ڕێخۆشکەرن لەوەی ڕاستی تەنیا لە ڕێی میتۆدەوە بەدەستبێت. ئەفلاتون دەمێکە وتوویەتی کەرەستەی فەلسەفی بە مانای فەلسەفاندن نایەت، بۆیە فەلسەفە کورت نابێتەوە بۆ ئامراز و میتۆدێک تا پێی بگەیتە ڕاستییەک و ئیدی پشتگوێی بخەیت. ئەوە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤیستییە کە هەرجارە و بەشێوەی بەشەکی لەسەر میتۆدێک دەوەستێت و دەگاتە ڕاستییەکی کورتخایەن و ئیدی پاڵدەداتەوە. داکۆکیی من لە گشت، ئۆنتۆلۆژیانەیە نەک ئەپستمۆلۆژی، واتە حسێب بۆ بوون دەکات نەک زانین بەتەنیا. هەر میتۆدێک هەژمار لەسەر ئۆنتۆلۆژیای درێژخایەن نەکات، ڕەنگە تووشی هەڵوەستەی ژۆرنالیستی ببێت. ڕاستی دەپێکێت لە جێیەکدا، بەڵام خوێندنەوەکەی نابێتە پرۆژە. ئەو میتۆدە زانستیانەی لەمڕۆدا بۆ خوێندنەوەی دیاردەیەک بەکار دێن، پتر بەشەکین تا گشتەکی. ئەمە جگە لەوەی میتۆد خۆی لەژێر گومانداییە، چونکە بەشێک لە فەلسەفەی سەدەی بیست، پێیوایە میتۆد خۆی بەتەواوی ناتوانێت ڕاستیی ئەزموونێک دەربخات. کاتێک گادامێر ستایشی ئەزموونی هونەری و مێژوومەندانە و فەلسەفی دەکات، دەیەوێت بڵێت زیادەیەک لە میتۆد دەمێنێتەوە کە میتۆد بۆی جڵەو ناکرێت. گادامێر کاتێک کتێبی "میتۆد و حەقیقەت" دەنووسێت، دەیەوێت میتۆد بلکێنێت بە

حەقیقەتی بوونەوە. میتۆد کەرەستەیەک نییە پێی بگەین بە ڕاستییەکی ڕاگوزەر و پاشان پشتگوێی بخەین، ئامرازێک نییە بەدەست بکەرێکەوە کە بەسەر بابەتێکی بەشەکییدا زاڵ بێت، بەڵکوو کردنەوەی ئاسۆشە لە بەردەم بینینی چواردەوری بابەتەکەدا. بۆیە لە هەر میتۆدێکدا، بایی سرووشتی ئەو میتۆدە حەقیقەت ئاشکرا دەبێت. لە هەر میتۆدێکدا، بارتەقای میتۆدەکە، ڕاستی بەرهەم دێت. میتۆدی ئەزموونگەری و ئاماری، میتۆدێکە ڕاستیی بەشەکی بەرهەم دێنێت لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا و توخنی "گشت"ی فەلسەفی و ئۆنتۆلۆژی ناکەوێت. زۆر جار گەڕان بەدوای نەزانراوێکدا قورسترە تا بەرهەمهێنانی زانراوێک. پێدەچێت کێشەکانی کورد لەم جۆرەیان بن. خۆم زۆر جار تینووی ئەو پاشماوەیەم کە لەپاش میتۆدێک و خوێندنەوەیەکی میتۆدی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، بە سێ میتۆد، دۆخی کورد و کوردستان بخوێنەوە، بەڵام هەست دەکەم زیادەیەک هەیە نەوتراوە. ئاخۆ ئەم زیادەیە خۆی هەر بەشێکە لە ماهیەتی میتۆد، یان ئەوە میتۆدە خۆراواییەکانن بارتەقای دۆخی ئێمە نین و بۆ ئێمە دانەڕێژراون. ئەمە پرسیارێکە ئێستا وەڵامەکەی نازانم. لەنگەرگرتن لەسەر میتۆدێکیش کە مافی هەموو دیوەکانی کێشەی کورد و ژیانی کوردەواری بدات، ڕەنگە ساڵانێکی زۆری بوێت. کاتێک کاک سەردار دەڵێت کەیسی کورد نابێتە کەیسێکی فەلسەفی، ئیتر لێرەدا بەپێی میتۆدێکی بەشەکی و زانستی و پۆزەتیڤیستی دەجووڵێتەوە. هەتا لە کایەی هێرمینۆتیک لە فەلسەفەی سەدەی بیستدا، ڕەخنەی میتۆدە پۆزەتیڤیستییەکان دەکرێت کە هەموو شت بۆ هۆ و ئەنجام کورت دەکەنەوە. وەکبڵێی هاوکێشەیەکی میکانیکی لەناو هەموو دیاردەیەکدا دەبینن و هەمان شتیشە کە عاممەی خەڵک دەڵێن هیچ شتێک بێ هۆکار نییە. جا کورد بابەتێکە لە ڕووی میتۆدییەوە ئاڵۆزە، پێم وایە کاک سەرداریش دان بەمەدا بنێت، بۆیە

تاکە ئەگەر بیخەینە ڕوو هەر ئەوەیە کە کێشەی کورد بەپێی میتۆدێکی فەلسەفیی گشتگیر قابیلی تێڕامانە(گەر بێتوو لەو گومانەم بگەڕێم کە ئاخۆ میتۆد خۆی ڕووداوێک نییە لە مێژووی فەلسەفەی خۆراوا-بەی ۆنان و مۆدێرنەوە- ڕوویدابێت کە بارتەقای بوونی ئێمە نەبێت؟!).

٢) ڕوون نەبوو بە لامەوە ئاخۆ کاک سەردار بە چ مەبەستێک پێیوایە لە پرسی کۆچدا نابێت پرسی کورد بهێنرێتە ناوەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە بۆچی فەلسەفە هەژارە کاتێک دێتە سەر باسی جوولاو. پێم وایە هەردوو خاڵەکە لەوێدا یەکتر دەبڕن کە کۆچ کاتیگۆرییەکی گونجاوە تا جێی کوردی پێ بخوێنینەوە لە جیهاندا، کۆچیش هەر لە سەرەتای فەلسەفەی خۆراواوە لە بن زاراوەگەلی وەک یەک و فرەیی، گۆڕان و نەگۆڕان، بوون(کەینونە) و بوونبە(صەیروورە)دا لە ڕووی زەینی و چەمکایەتییەوە بیری لێ کراوەتەوە و تا ئەمڕۆش تێنەپەڕێنراوە. پارمەنیدس و هیراکلێتۆس تا ئێستاش جێی بیرکردنەوەی ئەو کەسانەن وا بیر لە گۆڕان و نەگۆڕان دەکەنەوە. کۆچ، ناوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ ئەو چەمکانە و شتێکی زۆر نوێ نیە. نوێبوونەکەی دەشێت لەویادا بێت کە دەیبەستین بە گوتار و سیاق و دیاردەی نوێوە. گەرنا وەک چەمکی گشتەکی، هەمان هێزی تیۆریی خۆیان پاراستووە. کۆچ لە ڕووی تیۆرییەوە لەوێوە گرنگە بزانین ئێمە کەوتووینەتە کوێوە و چەندە جێگیرین. لەو گومانەدا لەگەڵ کاک سەردار هاوبەشم کە ئاخۆ "کۆچ" بۆ ئێمە چ جۆرە نیشانە و سەمپتۆمێکە لە کۆدا؟ ئاخۆ ئەو بزووتن و جووڵانە مۆدێرنەی کۆی ژیانی خۆراوای گرتووەتەوە، چ شتێکی لە ئێمەدا لەقاندووە و بەهاکانی چی لێ کردووین و مانا لە کن ئێمە گەیشتووە بە کوێوە(بەتایبەت لە پرسی نیهیلیزمی جیهانیدا). کۆچ، مادام پەیوەندیی بە پرسی جووڵە و شوێنەوە هەیە و سەرەنجام چەمکێکی سیاسی و یاساییشە، ئەوا دەشێت

بپرسین کورد وەک "گشت"ێک دەکەوێتە کوێی جیهانەوە؟ (جیهان بە هەموو مانا شوێنەکی و مانایی و ڕەمزییەکانیشەوە). ئاخۆ کۆچ، بۆ ئێمە گفتوگۆیەکی لێڵ و لاڵە بە جیهانەوە یان نا؟ لەخۆڕا نییە لە چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە خەڵکی نوخبەییمان لە خۆراوایە، بەڵام گەشەی فیکری و تیۆری لە ئاستێکی نەبوودایە. کۆچ، لەودیو هەموو هۆکارە بەشەکییەکانەوە، خۆی هۆکارێکی بڵندنشین و "ترانسێندێنتاڵ"ـە بۆ ئەوەی هەموو هۆکارەکانی تر هەڵپەسێرێت. هۆکارێکە نایەتە بن ئەزموون، لەودیوی هەموو هۆکارە بەشەکییەکانەوە دەمێنێتەوە. جیا لەوەش، کۆچ خۆی چەمکێکی گشتەکیی تیۆرییە، بەر لەوەی بەشەکی و کۆنکرێتی و ئابوورییانە بێت. کۆچ چەمکێکی فەلسەفییە و دەشکرێت بکرێتە بیانوویەکی فەلسەفی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگایەک. ئێمەی کورد و کوردی ئەمڕۆش، زەینمان بەجۆرێک پەرتە کە زۆر جار هەڤدژیی سادە لەنێوان پەرەگرافێکی خۆماندا نابینین. من خۆم لەم ڕووەوە ڕەنگە یەکەم کەس بم. بۆیە کاک سەردار بەخێرایی ئاماژەیەک بۆ کۆچ دەکات لای دۆلۆز، بەڵام ئاشکرایە کۆچ بۆ دۆلۆز، چەمکێکی ئۆنتۆلۆژییە. دۆلۆز باسی کۆچ ناکات وەک دیاردەیەکی بەشەکی(جزئی)، بەڵکوو ئۆنتۆلۆژیایەکی فەلسەفی دادەڕێژێت کە هەموو چەمکەکان لە جووڵە و کۆچێکی چەمکایەتیدا بژین. دۆلۆز جۆرە "گشت"ێکی فەلسەفی دادەڕێژێت کە لەسەر نەوەستان و بزووتن(صیرورة)ی بەردەوامدا بژی. بەڵام بەم هەمووە داکۆکییەشەوە لە جووڵە و کۆچ و نۆمادبوون، ***ئالان بادیۆ*** "گشت"ی دۆلۆزی بە "گشت"ێک دەزانێت کە چوارچێوەیەکی نەگۆڕی هەیە و ناوی "یەک(the one)"ـە(بادیۆ ناونیشانی کتێبەکەی خۆی بە "هاتوهاواری بوون" ناودەبات کە ئاماژەیە بەوەی دۆلۆز فریوی هەمەڕەنگییەکی ساختەی خواردووە لە ئۆنتۆلۆژیاکەی خۆیدا و سەرەنجام لەناو یەک "گشت"ی ئۆنتۆلۆژییدا

ماوەتەوە). هەر سەبارەت بە جوولە، ***جۆرج زیمێل*** بەشێوەیەکی فۆرماڵ و ئەبستراکت باسی پارە و جوولە دەکات، بەڵام ئەم جوولە و ناجێگیرییەی کورد ناوەڕۆکێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشی هەیە کە لە "گشت"ێکدا کۆ دەبنەوە. زیمێل، بەوردی ئەوە دەستنیشان دەکات کە پارە جوولەی خستووەتە هەموو شوێن و هەموو شتێکەوە، بەڵام خۆی ناجووڵێت. پرسیارەکە ڕەنگە لێرەدا بۆ ئێمە ئەوە بێت کە چ شتێک لەم جوولە سەرتاپاگیرەی پارەوە دەمێنێتەوە کە دونیای مانایی و بەهاییمان دیاری دەکات؟

سەرەنجامکاک سەردار ناوی فەیلەسوفێکی گەنج دێنێت بەناوی ***تۆماس نایل***، پاش کەمێک بەدواداچوونم تێگەیشتم گەنجێکی ئینگلیزە و کێشەکانی کەمتر پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە. لای ئەم کوڕە گەنجە، چەمکی سنوور(border)، گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە. لە ئەنجامی ئەمەشەوە، چەمکی "کۆچبەر" جێی چەمکی "هاوڵاتی"ی گرتووەتەوە. ئەو لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و جوولە دەکۆڵێتەوە و ناڕاستەوخۆش کاریگەرە بە دۆلۆز. دەیەوێت ئەو پێشگریمانانە هەڵوەشێنێتەوە کە لە تیۆری سیاسیی باڵادەستدا هەن و سنوور بە چەمکێکی ڕەق دەزانن. بەتایبەت و بۆ نموونە ڕەخنەکردنی ئەو پێشگریمانانەی کە لەسەر سنووری دەوڵەت-نەتەوە ڕۆنراون. دیارە ئەمە لە قازانجی کەس نەبێت، لە قازانجی خەڵکێکی وەک ئێمەدایە بەڵام پێم وایە ئەم دیدگایانە بۆ سنوور لە کۆمەڵێک ڕووەوە جێی هەڵوەستەن:

١) چەمکی سنووری سیاسی، خۆی دەچێتەوە سەر چەمکێکی تیۆری کە هەرگیز لەناو ناچێت و ئەو چەمکەش تراوما(trauma)یە لە دەروونشیکاریدا. تراوما شکاندنی ئەو سنوورەیە کە لەنێوان دەرەوە و ناوەوەی سایکۆلۆژیای مرۆڤدا هەیە و زەبر و برینێکی دەروونی جێ دەمێنێت. تراوما، واتە ساتی

شۆرت و بەزاندن، ئەوەی کە دوو ڕووبەر ڕەنگە هاوشوناس ببن لەگەڵ یەک بەڵام بەتەواوی لەیەکدا ناتوێنەوە. ئەمە ڕاستییەکی دەروونی نییە بەتەنیا، بەڵکوو فەلسەفیشە. بازدانی ئاسان بەسەر چەمکی سنوور(تراوما)دا، بازدانێکە لەناو تیۆردا نەک واقیع. سنووری دەوڵەت-نەتەوە، ئێستاش لە ڕەقترین سنوورەکانی هەموو جیهانە و هیچ دەوڵەتێک لە مەترێک زەویی خۆی خۆشنابێت. هەتا کە پەیوەندیی بە کۆچبەریشەوە هەیە، کۆچبەر بە واتای نۆمادێکی ڕەحەتنشین نایەت، کەسێک نییە بە کەیفی خۆی لە هەر پنتێکی جیهاندا پاڵبداتەوە بەڵکوو بەشێوەیەکی سەیر و دیالەکتیکی دەیەوێت ببێتەوە بە "هاوڵاتی". زۆر جار کۆچبەر دەیەوێت لە جێیەکەوە بڕوات بۆ جێیەکی تر تا مافەکانی هاوڵاتیبوون بەدەستبهێنێت. واتە تێزەکەی تۆماس نایڵ هەڵگری ناکۆکییەکی ناوەکییە.

ئەو هەوڵانەی ناو نەریتی دۆلۆزی، هەوڵی گرنگن بۆ ڕەخنەکردنی سنوور بەڵام واتێدەگەم سەرباری هەمووشتێک سنوور لە مێژووی مرۆڤدا قەت جێگیر نەبووە، هەمیشە جێی فەنتازیاکردن و کشان و کرژبوونەوە بووە. بەڵام لە بنکی سنووردا سنوورێک هەبووە، شۆرتێک و مەحاڵێک هەبووە کە هەر دەبێت دوو سنوور لێک جیا بکاتەوە. سنوور لەسەر ئەرزی واقیع شتێکە و لە خەیاڵیشدا شتێکی تر. لەنێوان دوو سنووردا، بڕێک مادەی دەبەنگ نوستووە کە ناهێڵێت ببنەیەک. هەموو دوو سنوورێک لە ڕێی هاوشوناسبوونێکەوە دەبنەیەک، واتە لە ڕێگەی فەنتازیایەکەوە کەلێنەکەی نێوانیان دەشارنەوە. لە ڕووی سیاسییەوە، ڕەگەزپەرستی کە هێشتاش زیندووترین دیاردەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سنووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیش پڕنەبۆتەوە. بۆیە سنوور چەمکێکی بەتاڵ نییە و، ئەرگۆمێنتێکی تر ئەوەیە بۆچی بەلێشاو خەڵکی خۆراوا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەن؟

کەواتە کۆچ ناوێکی فۆرماڵ و گشتییە بۆ کۆمەڵێک دیاردەی کۆنکرێتی و جیاجیا. کۆچ لێرەدا دیاردەیەکی تاڕادەیەک تاکئاراستەیە، لە ژینگەی خراپەوە بۆ ژینگەی باشتر. باسکردنی یەک ملیار کۆچبەر لای ئەو نووسەرە، نەبینینی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی کۆچە لە پێناوی تێزەکەی خۆیدا تا بلێت داهێنانم کردووە. جا پرسیارەکە بۆ من وەک کوردێک ئەوەیە کە پەیوەندیی کۆچ و بێسنووری، چ کاریگەرییەکیان لەسەر کارەکتەری مرۆی ئێمە هەیە؟ یەک مەتر زەوی، دەتوانێت کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لای کورد بنێتەوە. کورد لە دەرەوە سنووری نییە، بەڵام لەناوەوە هەستیارترین دیدی بۆ سنوور هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی تا لە جیهانگیریدا مرۆڤایەتی دەچێتەپێش، ژیژەک وتەنی، دیواری تری نەبینراو دروست دەبێت لەنێوان مرۆڤەکان و دەوڵەتاندا. وەرگرتنی پەساپۆرت و شوناسنامە، خۆی دەرخەری ئەوەیە سنوورەکان چەند تۆخ و ڕەقن.

**گومانی دووەم: «کۆچ» بۆ؟**

لێرەدا لەسەر دوو چرکەساتی تیۆری دەوەستم کە یەکەمیان دەتوانین ناوبنێین «کۆچ لەخۆیدا»، دووەمیشیان لەسەر چرکەساتێکی دیکەی تیۆری دەوەستم کە ئەم ماوەیە بۆ ئێمە ڕوویدا و لێکچوونێک لەنێوان «کۆچ لەخۆیدا» و کۆڕەوەکە درووستکرا کە نرخێکی چەمکایەتیی تایبەتی هەبوو. سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچ، زۆر وتراوە و بەردەوام هۆکاری تریش تەرح دەکرێت، بەڵام وەک پێشتر وتم هۆکارەکان هەرچی بن، ئەوا دیتنی کۆیەتیی هۆکارەکان و بەستنەوەی بە کۆمەڵگاکەوە گرنگە. لێرەدا نیگایەکی دراماتیکی لەمەڕ کۆچ دەگرینەبەر کە کۆچ لە هۆکارە بەردەستەکان دادەبڕێت و وەک دیاردەیەک دەیخاتە ڕوو کە خۆی هۆکاری لەپێشینە و بنەڕەتیی خۆیەتی.

هۆکارەکانی تر بەشبەحاڵی خۆیان درووستن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو گۆڕان و ناجێگیرییانەشەوە لە هەموو جیهاندا کەوتوونەتەوە ئەوا دەتوانین ئەو هەستیارییە تیۆرییە ڕەچاو بکەین کە کۆچی کردووەتە ئارەزوویەک. واتە کۆچ لەپاڵ هۆکارەکانی تردا، خۆیشی هۆکاری خۆیەتی. «کۆچ لەخۆیدا»، ناوێکە بۆ کۆچ بەر لەوەی لە یەکێک لە هۆکارە بەشەکییەکاندا کورت بکرێتەوە. بەم پێیە، هەمیسان بەهۆی لەقینی باگراوەندە مرۆییە گەردوونییەکەمانەوە، شتێک لە ناجێگیری دەکەوێتە ناو باگراوەندە لۆکاڵییەکە و هۆکارەکانی ئەو باگراوەندەوە. هەر لۆکاڵێک، بە جۆری تایبەتی خۆی ئەم ناجێگیرییە بەرهەم دێنێتەوە و بگرە هەرسیشی دەکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت خۆی ڕاستییەکە و هەیە. مرۆڤەکان بەهۆی ئەو کۆمۆنیکاسیۆنە سەرتاپاگیرەوە کە کەوتووەتە ناو ژیانیانەوە، ئەوا ناچاردەبن هەموو ناجێگیرییەک ناوبنێن کۆچ. بۆ ئەمەش هەمووکەس دەتوانێت بە هۆی هۆکارێکەوە، ناو لە ناجێگیرییەکە بنێت و چەمکی کۆچ و سەفەری بەسەردا پیادە بکات. بۆیە لێرەدا ئارەزووی کۆچ، خۆی وەڵامی کۆچە. کۆچ، ناوی جۆرێک لە هەڵکەنرانە کە بەرەنجامی خێرایی و بینینی ئۆبێکتی زۆر و تەماسی ئەنتەرنێتییشە. ئەم هەڵکەندنە، حۆی ساتێکی تەمومژاوییە و وایکردووە هەرکەس ناوێک و هۆکارێک بۆ کۆچ و سەفەری خۆی بدۆزێتەوە کە لەڕواڵەتدا تەواویش قایلی ناکات. دیارە هەر هۆکارێک بایی خۆی بیانووی عەقڵانی و سوودبەخشانەی خۆی هەیە، بەڵام دەستنیشانکردنە تیۆرییەکە کەمێک عاسیترە. ڕەنگە ئێمە لە قۆناغێکدا بە بەرچاوێکی کەمێک تاریکەوە سەفەرمان کردبێت، هۆیەکان شاراوەتر بووبن، بەڵام وردەوردە بە بەرچاوی ڕوونترەوە کۆچ دەکەین. گەر پێشتر هۆیەکە خۆڕسکانەتر بووبێت، ئێستا بەبەرنامەترە و پتر حسێبکارانە و ئابوورییانەیە. بەڵام هۆیەک هەیە لە پێشوو

و ئێستاشدا وەک "زیادە"یەک ماوەتەوە و پێویستە کەمێک ورد لەسەری بوەستین و لە هەستیارییە تیۆرییەکەی نزیک بینەوە. ئەو خاڵەی کەڕەنگە بتوانین ناوی بنێین ئیمکانی ڕووت یان هۆی ڕووت. سادەتر بیڵێم، هەمیشە یەکێک لەو هۆیانەی وادەکات مرۆڤ سەفەر بکات، جگە لە سەفەر خۆی هیچی تر نییە. ئەمە خاڵێکە هەردەم لە دەستی عەقڵی باو(کۆمۆن سێنس) هەڵدێت. گەر لە کەسێکی ئاسایی بپرسیت بۆ سەفەر دەکەیت، بۆ کردت، بۆ دێیتەوە و هتد، سەرباری ڕیزکردنی وەڵامەکان کەچی لە وتنی وەڵامە ڕیشەییەکەدا تیادەمێنێت و ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات. ئەو هۆکارەی کە کورت نابێتەوە بۆ هیچکام لە هۆکارە کۆنکرێتی و بەرچاوەکان(ئیتر سیاسی و ئابووری بێت یان هتد). سەفەر خۆی ئەو هاندەر و ئەنگێزەیەیە کە بەشێوەی ڕیترۆئەکتیڤ هۆکاری خۆیشی دروست دەکات. شتێکی لەم جۆرە: «بۆ سەفەر دەکەیت؟» چونکە «سەفەر دەکەم». واتە گەر هەموو هۆکارە ڕۆژانەییەکانیش لە سەفەر داماڵیت، ئەوا مانای ئەوە نییە ئەو هاندەرە ناوەکییە بکوژێت کە سەفەر خۆی دروستی دەکات. بەم پێیە، لە پێشوو و ئێستاشدا، مرۆڤی ئێمە کە سەفەر دەکات، چەندە هۆیەکانی گۆڕابن، ئەوا وەک ئەنگێزەیەکی خۆڕسک ناتوانێت لەو هۆکارە هەڵبێت کە سەفەر خۆی هۆکاری خۆیشیەتی. کاسبکارێک کە بڕێک پارەی هەیە و بە نیازی خۆی لە پێناوی شتێکدا سەفەر دەکات، لەم خاڵەدا هاوبەشە لەگەڵ ئەو کەسەی لافی شیکی سەفەر لێدەدات و دەڵێت حەز دەکەم دنیا ببینم. ئەمە دیسان کەلینی فاکت و هۆکاری ڕۆژانە دەردەخات کە کەمێک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد: فەرق ناکات تۆ بۆ چی شتێک سەفەر دەکەیت، هەمووی هەر لە دەوری ئەو چەقە غایبە کۆدەبێتەوە کە سەفەر خۆی شاهۆکاری ونی پشت هەموو هۆکارەکانە. بەپێی

ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ بە جیهانەوە هەیەتی، هەمیشە کوێرەچێژێک هەیە ژێرخانی شتەکان دادەڕێژێت و لەبیریش دەکرێت.

من ئەو هۆکارانە بە کەم وەرناگرم کە هەن، بۆ نموونە، شکستی دەزگاکان و ئەو جیاوازییە ئابوورییەی بە هۆی دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵێک فیگەری پارلەمانییەوە کەوتنەوە و هتد، بەڵام وەک درێژکراوەی خاڵی پێشوو هەمیسان لەسەر ئارەزووی کۆچ دەوەستم، کۆچ وەک کۆچ، کۆچ وەک ئەوەی هەیە، «کۆچ لەخۆیدا». بۆ ئەمەش قسەیەکی ناو عەقڵی باو وەردەگرم کە "چاولێکەری"یە و ناکرێت بە کەم وەرگیرێت. کاتێک کۆچ دەبێتە دیاردە، ئیتر ئارەزووی کۆچیش بەربڵاو دەبێت و هۆکارەکان لە پێشووتر بەهانەی قایمتر وەردەگرن. ئاخۆ چاولێکەری هەروا وشەیەکی سوکایەتیئامێز و سادەیە یان دەتوانین لە ڕووی تیۆرییشەوە سەرنجی بدەینێ؟

«چاولێکەری» وشەیەکە لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کولتوورەکاندا، وەک گوفتار و کرداریش دووبارە دەبێتەوە. «چاولێکەری»، سەرەتا وشەیەکی خراپ نییە، بەتەنیا باشیش نییە، ڕاستییەکە بەڵگەنەویستە لەودیوی باش و خراپەوە. لەوەش زیاتر کولتوور خۆی بریتییە لە جۆرە چاولێکەرییەک، کە لەبن ژمارەیەکی زۆر چالاکیدا لەسەر جووڵە و زەینی مرۆڤەکان تۆمار کراوە. بۆیەشە دەتوانین ڕێسا تیۆرییەکەی پشت «چاولێکەری» ببەینەوە سەر دەروونشیکاری کاتێک دەڵێت: «ئارەزووی من، ئارەزووی ئەوی ترە». واتە ئەوەی من ئارەزووی دەکەم، پێشوەختە لە دەرەوەی منەوە وەک ڕێسایەک تۆمار کراوە، ئەوێکی تری گەورە هەیە، کولتوورێک، چاوێک کە جێی "چاو"لێکەرییە. بۆیە وشەی «چاو» لە «چاولێکەری»دا، ناوێکی مەجازییە و پتر بە واتای ئارەزووکردن دێت: چاولێکردن. مادام ئارەزووی مرۆڤڕیشەکەی لە دەرەوەوە دێت و بەناو ئەودا تێدەپەڕێت، ئەوا نەست و

دەروونیشی هەر لە دەرەوەڕا دێت و هەڵژەنراوە لە "دەرەوە". ئەو لە خاڵێکدا خاوەنداریێتی لە نەست و دەروونی خۆی دەکات، ئەو خاڵە خاڵی بەسوبێکتبووتی ئەوە، نوختەیەکی لیقە ناوەوە و دەرەوەش لەیەک کاتدا کۆدەکاتەوە. بۆیە بەر لەوەی ئێمە چاو لەیەک کەسی تر، یان زیاتر بکەین، چاو لە کولتوور خۆی دەکەین، لە ئەوی تر(ی گەورە: کە کانگای ئارەزووکردن و ئارەزووبەخشینەوەشە). ئارەزووش عادەتەن کەفوکوڵی دەروونی نییە، بەڵکوو لە مانا و بەها و شوناس و فەنتازیا و کۆمەڵێک ڕەهەندی حەیاتیتر ئاڵاوە. ئارەزوو مادام لە دەرەوەوە دێتەوە بۆ لای سوبێکت، ئەوا ئەم "دەرەوە"یە هەریەک لەو ڕەهەندانەی نووساندووە بە ئارەزووەوە. بەم پێیە، «چاولێکەری» خۆهاوشێوەکردنێکی ئەنقەست و سادە نییە، بەڵکوو بزووتنێکی نەستەکی و پێشوەختەیە لە ئێمەی مرۆڤدا. پرسەکە هەروا بەسادەیی، مۆدێل و بالادەستبوونی مۆدە نییە، بەڵکوو یەکتربڕینی هەموو مرۆڤەکانە لە خاڵێکی دەرەکی و تەنانەت "نا-مرۆیی"دا بەناوی کولتوور(ئەوی تری گەورە)وە.

گەر باسەکە مێژوویی بکەینەوە، ئەوا ئەو کولتوورانەی وا دۆخی بابەتی(objective) تێیاندا لاوازە، ئەوا «چاولێکەری» زووتر دەتەنرێتەوە. لاوازیی دۆخی بابەتی، واتە ئەوەی کە کەسەکان زووتر کاردەکەنە سەر یەکتر، و تاکایەتی بەجۆرێک بەهێز نییە دیواری خۆی بەنێو هەمواندا دروست بکات. کولتووری لەم جۆرە، بەخێرایی نامە و کاردانەوەکانی خۆی بۆ مرۆڤەکان دەنێرێتەوە: ئارەزووی من، ئارەزووی خێرای ئەوی ترە. واتە «چاولێکەری»یە بنەڕەتییەکە، ڕوویەکی هەستیارتر وەردەگرێت بەراورد بە کولتوورێکی تر. ئەمڕۆ لەگەڵ خێرایی سەردەمدا، «چاولێکەری»یە کولتوورییەکە پارچەپارچەتر بووە و وایکردووە وشەیەکی وەک

"دەفع"(پاڵپێوەنان) بێتەگۆڕێ. کاتێک دۆخی زاتی ئامادەیە و بگرە زاڵیشە، ئیتر دۆخی بابەتی و دەرەکی دەبێتە پاشکۆ. "دەفع"، جۆرە چاولێکەرییەکە پەیوەندییەکی ئۆرگانیی بە خێراییەوە هەیە. بژاردەکان لە ڕواڵەتدا زۆر و ناڕوون و لەرزۆکن، بۆیە ئیرادەی "دەفعبوو" زوو دەجوڵێت. هەر کەلتورێک، دۆخی بابەتی و واقیعی بابەتیی تیا بەهێز بێت ئەوا ڕووبەری "دەفع" بچوکترە و کەسەکان تەنیا لەسەر بڕیاری خۆیان دەوەستن تاکوو باجی یاسا و ڕێسا و دیاردە بابەتییەکان نەدەن. لە سەرەتادا وادەردەکەوێت "دەفع" بەرەنجامی شلکردنی سۆز و حەماسەت بێت، ئەمە ڕاستە، بەڵام هۆکارە ڕیشەییەکە لە جێیەکی ترە: دونیای دەرەوە، سۆزەکانی ناو مرۆڤەکانی ئەو کولتوورەی وەک پێویست ڕێکنەخستووە. ئەوەی هەیە تەمتومان و تێکەولێکەیەکە لە سۆز کە بە پاڵنانێکی بچوک دەخرۆشێن. هەتا وشەگەلی وەک داوەریی عەقڵانی و بەکارهێنانی ژیری و هتدیش، شتانێکن بەر لەوەی تەواو شەخسی بن، ڕیشەیەکیان لە دونیا دەرەکی و بابەتییەکەدایە و گەرەکە لەوێدا ڕێک بخرێن. "دەفع"، ئەو «چاولێکەری»یەیە کە کەسێکی کۆنکرێتیتر، ڕاستەوخۆ شتێکی تر دەکاتە مایەی ئارەزوو بۆ ئەو کەسەی تر. وێڕای ئەمەش، کولتوور ناوێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ "دەفع"ێکی ڕیشەیی کە هێورتر دەرخواردی هەمووانی دەدات. لێرەوە، ئاساییە سەرباری هەموو هۆکارە باوەکان، کۆچ و ئارەزووی کۆچ بەسترێتەوە بەو کاریگەرییە نێوسوبێکتییەوە کە مرۆڤەکان دەیخەنە سەر یەکدی. "کرمی مێشک" بۆ خاریج، ناوێکی شەعبییە بۆ ئەوەی کە کۆچ خۆی ئامانجی خۆیشیەتی. مادام ئارەزوو لەقولاییدا، خۆی هیچ وەڵامێکی نییە و دەبزوێت، ئیدی دەتوانێت لە پشت زۆر دیاردەوە بەرهەمبێتەوە و لە بن هۆکارێکدا خۆی نیشتەجێ بکات کە بە گێڕانەوەی هۆکارەکە تێر نەبین.

وێڕای ئەم ئارەزووە زاتییەی کە کۆچ خۆی دروستی دەکات، جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەرەتا و وەرگرتنەوەی دیاردەکە لەناو "گشت"دا: گەر هۆکارێک وەربگرین، لە ڕواڵەتدا ئامانج دەپێکین، بەس شتێک دەمێنێتەوە کە خوێنەر و لێکۆڵەریش تێر ناکات. پێدەچێت هەر کوردێکی خوێنەوار تووشی ئەم هەستە هاتبێت. با دیقەتی خاڵێکی گاڵتەجاڕ بدەین کە بەشێوەیەکی تایبەت، دەمانخاتە ڕامانەوە: لە نیگای یەکەمدا یەکسانکردنی کۆچ و کۆڕەو، هەڵەیە، لێکچواندنێکی فۆرماڵانەیە و مادام هەردووکی کۆچڕەوییە ئیتر کۆڕەویشە. واتە سێ قۆناغمان هەیە لەم نموونەیەدا: لە قۆناغی یەکەمدا زەینێکی سادەی کوردی، دێت و هەریەکە لە کۆچی کۆچبەران و کۆڕەوەکەی دوای ڕاپەڕین یەکسان دەکات بەیەکتر. چاوی ڕەخنەگر دێت و دەڵێت، ئەم یەکسانکردنە دروست نییە چونکە کۆڕەوەکە بە هۆی ڕاوەدوونانی داگیرکەرەوە بوو، بەڵام ئەم کۆچڕەوییەی ئێستا بە هۆی دەسەڵاتی خۆماڵییەوەیە. ئەم ڕەخنەیە، بەشی خۆی درووستە و هەنگاوێک دەکەوێتە پێش یەکسانکردن و لێکچوواندنەکەی پێشووەوە. واتە کە ڕەخنەکە دەبینیت، بە خۆت دەڵێیت وایە، کۆڕەوەکە شتێک بوو و ئەم کۆچڕەوییەش شتێکی ترە. بەڵام هێشتاش لە یەکێک لە توێیەکانی زەینماندا تێرنەبوونێک دەمێنێتەوە، قایلنەبوونێک دەمێنێتەوە کە زۆر لەسەری ناوەستین بەڵام هەیشە. واتە چرکەساتێک دێتەپێشەوە کە بەبێ ویستی خۆمان، کۆڕەوەکە و کۆچڕەوییەکەی ئێستا هەمیسان لێک نزیک دەکەینەوە. بۆیە ڕەخنەکەی قۆناغی دووەم، دەرهەق بە شوبهاندنەکەی قۆناغی یەکەم پێویستی بە ڕاکێشانە. واتە دەبێت بیبەینە قۆناغی سێیەم کە جۆرێکە لە نەفیی نەفی، جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ قۆناغی یەکەم کە بەتەواویی یەکسانیش نییە بەوەی یەکەم. بۆ نموونە، گەرەکە دەرەنجامێک بەدەستبێنین کە بەڵێ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان قۆناغی

یەکەم و سێیەمدا هەیە، بەڵێ کۆڕەوەکە و کۆچەکە پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە بەڵام ئاخۆ ئەو پەیوەندییە چییە و چۆنە. لەم چرکەساتەدا، زەینمان بەسەر ئەوەدا زاڵبووە کە جیاوازییەک لەنێوان هەردوو کۆچەکەدا هەیە، بەڵام دەشیەوێت بپەڕێتەوە بۆ ئاستێکی سەرووتر تا جیاوازییەکە حەل بکات و بیخاتە ناو «گشت»ێکی فراوانترەوە. واتە کۆچی ئێستا جیایە لە کۆڕەوەکە، بەڵام لە باگراوەندێکیشدا دەبنەوە بە بەشێک لە پرۆسەیەک کە درێژکراوەی یەکترن، درێژکراوەیەک کە دەشێت لە فۆرمدا دژی یەکتر بن و بشتوانین ڕیزێک جیاوازی لەنێوانیاندا بژمێرین. بەم قۆناغی سێیەمەدا، زەین دەیەوێت قۆناغیی‌یەکەم و دووەم هەڵگرێتەوە و هەنگاوێکیش بچێتە پێشەوە. دەیەوێت ئەو ختوورەیەی خۆی تێربکات کە لەنێوان هەردوو دژەکەی یەکەمدا هەیە، ئەو دوو دژەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان تەواوکەری یەکتریشن. قۆناغی یەکەم باسی کۆڕەوێکە، هەڵهاتن و ئاوارەیی، بەڵام ئەوە چییە وادەکات بمانخاتەوە بیری ئەم کۆچڕەوییەی ئێستاش؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی کە زەین بەشاراوەیی دەخولقێنێت و ڕەنگە نەشگاتە ئاستی ئاگایی، بەڵام ئامادەییشی هەیە. ڕاستە کە کۆچڕەوییەکەی ئێستا هۆی بەشەکیی تری لەپشتەوەیە، بەڵام لە کۆدا دەچێتەوە پاڵ ئەو کۆڕەوەی پێشوو. هەردووکیان، دەبنەوە بە بەشێک لەڕەوتێکی زەینی. پێم وایە ئەو تووڕەییەی کۆچبەران و ئەو تووڕەییەی ناو فەیسبوک و کۆمێنتەکانیش شتێکی لەوە زیاتریان لەخۆدا هەڵگرتووە کە تەنیا بیانەوێت بڵێن «دەسەڵاتی کوردی، خراپەی ڕەهایە». هەتا کە بەشێوەیەکی حەرفیش وا دەڵێن، ئەوا شتێکی زیاتریان مەبەستە. شتێک کە ڕەنگە بتوانین بەم جۆرە تەعبیری لێ بکەین: ئەمەش هەر کۆڕەوە، بەڵام بە دووجایی. کۆڕەوی دووجا، واتە دووبارەبوونەوەی کۆڕەوێک کە داگیرکەر سازاندبووی، بەڵام ئەمجارەیان کوردەکەی خۆیشمان بەجۆرێک دەستی تێیدا

هەیە. وێناکردنی ئەم خاڵە، کەمێک هەستیارە. چونکە مەبەستمان ئەوە نییە کە هەردووکی کۆڕەوە و یەکیان لە لایەن بەعسەوە ڕوویداوە و ئەمەی تریان لە لایەن دەسەڵاتێکی خۆماڵییەوە. بەڵکوو دەمانەوێت بڵێین، ئێمە لە کۆڕەوێکی بەردەوامداین کە جاری یەکەم ئەویتری داگیر هۆکاری بووە و ئەم جارەیان دەسەڵاتێکی خۆماڵی، بەڵام دەسەڵاتە خۆماڵییەکەش بەتەواوی دەسەڵات نییە. پێم وایە هێشتا لە ڕووی نەستەکییەوە، کورد ناتوانێت خۆی بڕووخێنێت، هێشتا ئامادەیە هەڵبێت تا بتوانێت ڕووبەڕووی بنیاتنراوێک(دەسەڵاتێکی خۆماڵی) بێتەوە. ئەم سێ قۆناغە زەینییە بەشێوەیەکی سەیر، لە لایەن خەڵک و دەسەڵاتیشەوە تێهەڵکێشکراوە. هەر ئەمڕۆژانە لە کەناڵی دەسەڵاتەوە، ئەم کۆچڕەوییە پیشان دەدرا و دەیان هەزار کەسی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. ڕەنگە یەکەم کاردانەوە کە بە زەینماندا دێت ئەوە بێت باشە چۆن دەبێت دەسەڵات هێند بێشەرم بێت کە خەڵکی ئاوارەبووی سنوورەکان پیشان بدات و وەک بینەرێکی پاسیڤ بێتەپاڵ ئێمە و خۆی لە بەرپرسیارێتی دابماڵێت؟ ئەمە کاردانەوەیەکی ڕەوای زەینییە و گومانی تیا نییە کۆمیدییشە و هەمووکەس دەخاتە پێکەنین(یان تووڕەیی). بەڵام پێم وایە، هاوشان بە کۆمیدیا و تووڕەبوونەکە، هەمان پرۆسە لەئارادایە کە باسمانکرد: لەپشت هەموو کۆڕەو و کۆچەکانی ئێستا و ڕابردوو و ڕەنگە داهاتووشمانەوە، هۆکارێتییەک هەیە کە گشتەکییە نەک بەشەکی. واتە، ئەو ڕووداوانەی کۆچ کە بەسەر ئێمەدا هاتوون، بەجیا لە هۆکارە مەرحەلەییەکانیان، دەبنەوە بە بەشێک لە هۆکارێتی کە پەیوەندیی بە چارەنووسی کردەوە هەیە. بە پرسێکەوە کە لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە بۆمان حەلنەبووە. هەتا ئەو ژێستە باوکانە و خەمخۆرانەیەی هەندێ لە سیاسییەکانیش، شتێکی جدی نەبوو، نەک لەبەر ئەوەی نمایشێکی ڕیاکارانەیان کردبێت، بەڵکوو ئەوانیش هەر بایی

بنەماڵەکەی خۆیان نیشتەجێ و دڵنیان. لێرەدا هۆکاریێتی، هۆکرایێتییەکی پۆزەتیڤیستی نییە، هۆ و ئەنجامێک نییە بەشێوەی ئەزموونی و میکانیکی و سیتەماتیک لەدوای یەکتر بێن، بەڵکوو پرۆسەیەک لە هۆکاریێتییە کە فۆرمی جێگیری خۆری وەرناگرێت و بە هۆی کۆمەڵێک هەڵبەزودابەزی جیاجیاوە دەچێتە پاڵ یەکتر. واتە هەڵە بەشەکی و لێکچواندنە نادرووستەکە، بەشێکە لە وێنەیەکی گشتیتر و دروووستتر کە زەینە گشتبینەکان دەیبینن. بۆیە گەر لە هەردوو کۆچەکە و قۆناغی سێیەمیش دوور نەکەوینەوە ئەوا دەبێت سێ خاڵ تۆمار بکەین:

**یەکەم**: کۆچە جیاجیاکانی ئێمە، لە ساتی خۆیدا هۆکاری ساتەوەختیی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک پێکەوەیان دەلکێنین، ئەوا سەرباری ناکۆکییە جیاوازەکانیان، لەناو یەک گشت و یەک باگراوەندا کۆ دەبنەوە.

**دووەم**: دوو کۆچی دژبەیەک، قۆناغی سێیەم لە زەینماندا دروست دەکات کە هەردوو کۆچەکە گوزارشت لە ناجێگرییەکی دەستەجەمعی دەکەن یەکلانەبووەتەوە بۆمان.

**سێیەم**، کۆچەکان وێڕای ڕووە جیهانگیرەکەیان، وێڕای هەموو هۆکارە بەردەست و بەرچاوەکان، کەچی کۆچێکە لە بۆشاییدا دەسوڕێتەوە.

سەرەنجام، یەک خاڵی تر لەم دیاردەیەدا و زۆر دیاردەی تریشدا هەیە کە دووبارە دەبێتەوە و ئاماژەیە بۆ هەژاریی تیۆریی کۆمەڵگای ئێمە. بۆ نموونە، زۆر جار لەژێر خوێندنەوەکانەوە بۆ کۆچ و کۆچبەری، دەنووسرێت: هیچی ناگاتە ئەو قسەیەی کە کۆچبەرێک لەسەر خۆی دەیڵێت. ئەم لێدوانە، لەبەر چەندین هۆکار جێی ڕەخنەیە:

١) دۆخی هەر کەسێک کە لەناو ڕووداوێکدایە تەنیا فاکتە نەک تیۆر. تەنیا دەرخستن و درکاندنی ڕاستییەکە کە پێویستی بە چەمکاندن و بەستنەوە و ناونان هەیە. گەر لەوەدا کورتهێنان هەیە یان نا شتێکی ترە، بەڵام خودی لێدوانەکە ڕۆحێکی دژەتیۆریی کۆمەڵگایەکە کە لە ئاگاییەکی بەراییدا دەژی لەسەر کێشەکانی خۆی. بۆ نموونە لێدوانی کۆچبەرێک لەسەر تەجرووبە زیندووەکەی گرنگە، بەڵام تەجرووبەیەکیشە هێشتا نەخراوەتە پانتاییی چەمکایەتییەوە. گریمان کۆچبەرێک قسە لەسەر هۆکارێکی شەخسیی خۆی دەکات، و دەڵێت "لە فلان شت هەڵهاتووم". بەڵام کەسێکی تیۆریست دێت و دەڵێت: کۆچ، وشکبوونەوەی لیبیدۆی"گۆڕانکاری" خۆیشیەتی. کۆچ، نیشانەی باشتر بوون نییە، بەڵکوو پێداگرییە لەسەر ئەوەشی کە ناگۆڕێت، کە باشتر لەئارادا نییە، کۆچ خۆی ساتی ڕەقهەڵاتنی نەگۆڕان و تەوقیتی چەقینە.

٢) مرۆڤی ناو ڕووداوەکان، تەنیا بە زمانی تراژیک دەتوانێت بدوێت نەک تیۆری. هەتا زۆر جار پەنا بۆ زمانێک دەبات کە دەبێت پڕ بێت لە نیشانەی ناجێگیری و لاڵەپتێ و بەرجەستەکردنی کارەسات. شایەتی ڕووداو، دەبێت کەمێک بە لاڵی بدوێت، گەرنا بڕواپێکردنی، سست دەبێت. بەهەرحاڵ، ئەمە ڕاستییەکە دەتوانین ناوی بنێین ڕاستیی "بێ نێوانگر"، ڕاستییەکی ڕاستەوخۆ و نەچەمکێنراو، کە پێویستی بە نێوانگری و ناوەندێکی تیۆری و چەمکایەتییە تاکوو ڕێکبخرێت. ڕاستی، لە ئەزموونی زیندوو و پاشان چەمکاندنەوە بەجۆرێک دێتەدی. ڕاستی، هەم کۆمەڵایەتییە و هەم بردنیشی بە فلتەری تیۆر و چەمکدا. بۆیە خاڵی تەواوکەری ئەمە بریتییە لە پێچەوانەکەی: گەر لە کۆمەڵگادا کتێبێک بنووسیت لەسەر ئەوەی چۆن هەمووکات بەپێی ئەرگۆمێنت و بە لۆژیکی بدوێین، ئەوا دەرەنجامەکە نالۆژیکی دەکەوێتەوە، چونکە

ئەرگۆمێنت شتێکە لە کۆمەڵایەتیبوون هەڵژەنراوە و پێشوەخت ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە.